شوانە ئەحمەد

عەبدولوەهاب حەمەد ئەحمەد، ناسراو بە "شوانە ئەحمەد"، لە (١٩٨٣\٧\١) لە گوندی (دووگردکان)ی شاری هەولێر هاتۆتە دونیاوە. لە ساڵی (٢٠٠٦) بە کالۆریۆسی لە زانکۆی سەلاحەددین تەواو کردووە، لە ساڵی (٢٠١٢) ماستەری لە یاساو کارگێڕی گشتی لە زانکۆی دی نیمسی فەڕەنسی تەواو کردووە.
لە ساڵی (٢٠٠٠) یەکەم چیرۆکی بە ناوی (کەیف و سەفا) لە گۆڤاری (هەوێن) بڵاوکراوەتەوە، ساڵی (٢٠٠١) لە هەفتەنامەی (گزنگ)، ساڵی (٢٠٠٤) لە ڕۆژنامەی (ئاڵا)، ساڵی (٢٠٠٦) لە ڕۆژنامەی (دیدی نوێ)، ساڵی (٢٠٠٨) لە ڕۆژنامەی (میدیا)، بۆچوون و دیدگا فیکرییەکانی بڵاوکردۆتەوە.
لە ساڵی (٢٠٠٦) تا ساڵی (٢٠١٥) هۆنراوە و سیناریۆ بۆ زیاتر لە (٢٠) گۆرانی منداڵان دەنووسێت و بە شێوەی کلیپ بڵاو دەکرێنەوە.
لە ساڵی (٢٠٠٨) دوو کتێب بەناوەکانی (٤٤٤ شەو)، (وەزیری تەنیایی) بڵاوکردۆتەوە، ساڵی (٢٠٠٩) کتێبی (عەشق واتە ١+١=١)ی بڵاوکردۆتەوە و ساڵی (٢٠١٣) کتێبی (زمانی دایک)ی بڵاوکردۆتەوە.
لە ساڵی (٢٠١٣) ڕێکخراوی (کۆلارە) بۆ ڕۆشنبیری منداڵان دادەمەزرێنێت و دەست بە چالاکی تایبەت بە منداڵان دەکات. بۆ یەکەم جار لە ساڵی (٢٠١٤) پڕۆژەی (مام نەورۆز) ڕادەگەیەنێت، کەسایەتی مام نەورۆزە پڕۆژەیەکی ڕۆشنبیری هونەری و پەروەردیی منداڵانەیە. لە (٢٠١٤\٦\١) و لە جەژنی جیهانی منداڵان لە شاری هەولێر، بە ئامادەبوونی منداڵانی هەموو شارەکان، لە کەرنەڤاڵێکی گەورە، کەسایەتی مام نەورۆز، وەک یەکەم کەسایەتی کوردی تایبەت بە منداڵان پێشکەش بە مێژوو دەکات.
لە ساڵەکانی (٢٠١٠) بۆ (٢٠٢٠) کاری سیناریۆ و دەرهێنان بۆ چەندین کورتە فیلمی سینەمایی دەکات، وەک (گەمەکانی ژیان، بەردەکانی سەر ڕێگە، بیگەر، فڕین، مێگەل، کۆرتیزۆن).
لە ساڵی (٢٠١٢) وەک سیناریست و ئەکتەر لە یەکەم زنجیرە درامای منداڵان، بەناوی زنجیرەی (وانە) کاری کردووە.
لە ساڵی (٢٠١١) یەکەم ئەلبوومی شیعری خۆی بە ناوی (پەڕوباڵی ئەوین) بڵاوکردۆتەوە. لە ساڵی (٢٠٠٨) یەکەم کلیپی شیعری بە ناوی (میحرابی دڵ) بڵاوکردۆتەوە. ساڵی (٢٠١٢) کلیپی (دوا هەناسە)، ساڵی (٢٠١٣) کلیپی (وانەی جوگرافیا) بۆ مندڵان بڵاوکردۆتەوە.

بەرهەمەکانی نووسەر



٤٤٤ شەو

تەنیا کتێبێکی ئاسایی شیعر نییە، چونکە ئەوەی لە پشت ووشەکانەوەیە چیرۆکێکی ئاسایی نییە، بەڵکو ئازارێکە بە قوڵایی خەیاڵی نوو سەر. ژانێکە بە درێژایی بیرکردنەوەی نووسەر لە عەشق و تەنیایی.
ئەم کتێبە لە (هەزار و یەک) چوارینە شیعر پێکدێت، لە توێی (بیست و چوار) شەو، کە نوو سەر لە هەر شەوێکدا، ئازارێکی خۆی تیا نووسیوەتەوە.



عەشق واتە ١+١=١

ڕێگەیەك بۆ خۆشەویستی و هانایەکیشە بۆ لێك دابڕان، لەڕووی دارشتنەوە زمانێکی قوڵی هەیە، بەڵام لە ڕووی بابەتییەوە سادەیە، وەک خودی عەشق بەرهەمی ئەزموونە، نەک بەرهەمی گفتوگۆ و خەیاڵی نووسەر. کتێبی هەموو تەمەنێکە، هەر کەس بەشی خۆی لەم کتێبە بەرکەوتووە و هەر کەس دەتوانێت لە گۆشەیێکی ئەم کتێبە خۆی بدۆزێتەوە.



وەزیری تەنیایی

خۆ نوو سینەوەییێکی سادەیە لە هەناوی شیعرەوە، وشەکانی هەڵێنجراوی دڵی ئەو عاشقەیە، کە ئەو بەیانییەی ڕۆیشت لەنێو گیرفانی چاکەتەکەی کاغەزێکی جێهێشت لە سەری نووسرابوو، لەهەر شوێنێک ناوی من هات فاتیحایەک بخوێنە.
وەک ڕێبوار   سیوەیلی دەڵێت وەزیری تەنیایی شێوازێکی تازەی نووسینە لە شیعری کوردی.



زمانی دایک

لە حەفت شانۆگەری منداڵانە پێکدێت، کە سەرجەمیان بە زمانێکی سادەی ورد و واتادار لەسەر زمانی منداڵان نووسراوەتەوە، بۆ بەهێزکردنی ئینتمای نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆڤ دۆ ستی و ئاژەڵ دۆستی. سەرجەم شانۆگەرییەکان زیاتر لە جارێک پێشکەش کراون لەسەر جەم شار و شارۆچکەکان.



کیژێک لە ڕەنگی ئاسمان

لەو کاتەی بەهۆی ئاڵای شۆڕشگێڕەکانەوە دەوڵەت ڕەنگ لە سەر دانیشتووانی کۆنترین شاری دنیا قەدەغە دەکات شاعیرێك لەدایك دەبێت شیعرەکانی جادووگەر دەبن، بەهۆی شیعرەکانی ئەم شاعیرەوە هەموو شتێك لەو و لەشارەکەی دەگۆڕێت و بەهۆیەوە ئاوارەی شار و وڵاتانی دنیا دەبێت و لە خۆشەویستەکەی و شارەکەی دووردەکەوێتەوە.